Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.28 04:06:27 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# ڕوو بە ڕوو لەگەڵ حەمەسەعید حەسەندا

## * ئایا ئەدەبی کوردی گەییشتووەتە ئاستی بە شاکارکردنی تراژیدیاکانی کورد؟

** شاکار چییە؟ ئەگەر ڕۆمانێکە لە ئاستی ‹جەنگ و ئاشتی›یەکەی ‹تۆلستۆی،› یان ‹سەعات بیست و پێنج›ی ‹کونستانتان جیورجیو،›یان ‹ڕەگەکان›ی ‹ئەلێکس هاللی›دا، ئەوا بێ دڵەڕاوکێ دەڵێم نەخێر، لێ بۆ نموونە ‹ئەژدیها›ی محەمەد موکری کارێکی جوانە و چەند لایەنێک لە تراژیدیاکانی کوردیشی بەرجەستە کردووە.

## * زۆر کەس لەو بڕوایەدان، کە قەڵەمی حەمەسەعید حەسەن، پێویستە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان بکرێت.

** خۆشم هەر لەو بڕوایەدام. دووریس لیسینگ دەڵێ: ‹ئەگەر نەنووسم بالآنسم تێک دەچێ.› منیش وەک ئەو ئەگەر نەنووسم هاوسەنگیم تێک دەچێ، لێ کە نووسیم زۆرن ئەوانەی بالآنسیان تێک دەچێ. هەموو ئەوانەی بە نووسینم بالآنسیان تێک دەچێ، حەزیان لێیە واز لە ڕەخنەی سیاسی بهێنم، بەڵام گەلێکیش لەوانەی خوازیارن خۆم بۆ ڕەخنەی ئەدەبی تەرخان بکەم، لە دڵسۆزییانەوە ئەو قسەیە دەکەن. من لە بواری ‹هونەری ڕاوەژن›دا دەست و پێ سپیم، لێ شارەزای هونەری بالآنس تێکدانم. هەموو ئەوانەی کە ڕێساکانی نووسینیان بۆ دەستنیشان کردووم، کە تیری یەک دوو دێڕ ساتیرم ئاڕاستە کردوون، بە جۆرێ بالآنسیان تێک چووە، هانایان، بۆ چەکی لاوازان، بۆ درۆ هەڵبەستن و جنێو بەخشینەوە بردووە. من گەرچی ڕەخنەی ئەدەبی بە بواری سەرەکی کاری خۆم دەزانم، لێ سەرپێیش باسی سیاسەت ناکەم. ‹قەڵەم و شمشێر› کە باسێکی سیاسییە، هێندەی هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیم پێوەی ماندوو بووم. هەندێ گوتار و ڕەوتاری هەندێ لایەن بەردیش دێننە قسە، دەنا وەنەبێ زۆرم حەز لە نووسینی بابەتی سیاسی بێت. دڵم بەوە خۆشە هەوڵ دەدەم بە زمانێکی شیعری باس لە سیاسەتیش بکەم. زۆر جار لەبەر نووسنیە سیاسییەکانم پێیان گوتووم: ‹کورد نووسەری وەک تۆی پێویستە.› ئەوی توانیبێتی کاری وا بکا، خەڵک پێویستیان پێی هەبێ، سەرکەوتنی بۆ خۆی تۆمار کردووە.

## * پێوەندیی لە نێوان ڕەخنە و ڕۆشنبیردا چییە؟

** ئەگەر خوازیاری گەشەکردن بین، دەبێ بەردەوام ڕەخنە لە خۆمان بگرین. مەرج نییە هەموو ‹ڕەخنەگر›ێک ڕۆشنبیر بێ، لێ دەبێ هەموو ڕۆشنبیرێک ڕەخنەگر بێ. هەر ڕۆشنبیرێک وازی لە ڕەخنە لە دەسەڵات گرتن هێنا، ئەوا دەستبەرداری سەرەکیترین ئەرکی بووە، بەڵام هەر چی سووکە ڕەخنەیەکی لەم لایەن یان ئەو دەسەڵات گرت، با خۆی لێ نەبێ، بە ئەدوارد سەعید، یان ناموم چۆمسکی. ئەمیل زۆلا کە داکۆکی لە دریفۆس کرد، ناوی هەموو ئەو ئەفسەرە پایەبڵندانەی ئاشکرا کرد کە تاوانباری کردبوون. بەزەییم بەو ڕەخنەگرانەدا دێتەوە کە نە ناوی خۆیان ئاشکرا دەکەن، نە ناوی ڕەخنەلێگیراو.

## * ئایا حیزبە کوردییەکان بایەخ بە بۆچوون و هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی کورد دەدەن؟

** مارکیز دەیگوت: ‹کە کاسترۆم دەبینی، نە من باسی هونەری بەڕێوەبردنی کوبام بۆ ئەو دەکرد، نە ئەو باسی تەکنیکی ڕۆمانی بۆ من دەکرد.› من چونکە گوێ لە هیچ حیزبێ ناگرم، چاوەڕێی ئەوە نیم هیچ حیزبێ گوێم لێ بگرێ، هەوڵی من بۆ ئەوەیە خەڵکی گوێ لە حیزب نەگرن. من هەرگیز هیچ پێشنیارێکم

نەخستووەتە بەردەستی هیچ حیزبێک، هەمیشە ڕەخنەی ڕووخێنەرم لە حیزب گرتووە. لای من حیزبیش بە چاوپۆشین لە پێکهاتە چینایەتی و ئایدۆلۆژی و نەتەوەییەکەی، وەک دەسەڵات دەزگایەکی سەرکوتگەرە و ئینسان لە خۆی بێگانە دەکا.

## * شتێک هەیە بە ناوی ئەدەبی دوای ڕاپەڕین؟

** تاوانی پرۆمیسیۆس چییە خەڵک خراپ ئاگر بەکار دەهێنن! هەواڵی ڕابوونی خەڵکی کوردستان خۆشترین هەواڵ بووە، لە ژیانمدا بەر گوێم کەوتبێ، بەڵام هەر زوو دەسەڵات و دراوپەرستان ڕاپەڕینیان شەلاڵی خوێن کرد. ڕاپەڕین ئاگرێک بوو، چونکە فەرامۆش کرا، کوژایەوە، بەڵام خواست ئەگەرچی کێشی نییە، وەلێ دەکارێ قورسترین شت بخاتە جووڵە، خەڵکی کوردیش چونکە بێ خواست ناژی، بۆیە گەشبینم بەرامبەر بە داهاتووی کوردستان و بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی. مەحاڵە کەسێ مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسێتەوە و دوای ڕاپەڕین بە قۆناغێک نێوزەد نەکا. سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەستەیەک لە ژنانی نووسەر و شاعیر یەکێکە لە لایەنە گەشەکانی ئەدەبی دوای ڕاپەڕین.

## * بە نیاز نیت سەردانی باشووری کوردستان بکەی؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

** چواردە ساڵە لە سوید دەژیم، کەچی هێشتا خەونێکم نەدیوە، لە سوید ڕووی دابێ. خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم بتوانم بگەڕێمەوە کوردستان و وەک کەسێکی ئاسایی بژیم. وەختی خۆی لە ترسی سووکایەتی پێ کردن، نەک لە ترسی مەرگ، لە زێدی خۆم هەڵاتم. هەنووکەش هەمان ترسم هەیە، دەنا چی زووترە دەگەڕامەوە. ئەگەر کوردستان دەست لە ژیانم بەر بدا، بەو ئاسانییەی تەلارێکی لە کارتی قومار ڕۆنراو، هەرەس دەهێنێ، دەڕووخێم.

## * بیرورا و هەڵوێستت سەبارەت بە کوشتنی فاتیمە چۆن بوو؟

** ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی کورد کوێرانە دوای هاتوهاواری ماسمیدیای سوید کەوتن. فاتیمە باوکی نەی کوشت، ماسمیدیای سوید کوشتی. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوید فاتیمەیان هان دا، بڵێت: ‹باوکم هەر شەرەف شک دەبا، پەیمان بێت شەرەفی بشکێنم.› من چەند بەزەییم بە فاتیمەدا دێتەوە، نزیکەی هێندەش بەزەییم بە باوکیدا دێتەوە. ئەو باوک و کچە، هەردووکیان قوربانی بوون، هیچیان جەللاد نەبوون. کێشەکە شەڕی نێوان دوو کولتوور نەبوو، تەنیا ئەوە نەبوو، کیژێکی کورد حەزی لە کوڕێکی سویدی کردبێ، زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو.

## * ‹میدیا›ت بە لاوە چۆنە؟

** هەندێ نووسینم ئەگەر میدیا نەبووایە لە کوردستان بڵاو نەدەبوونەوە. ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی میدیا لە ‹ئاڵای ئازادی، ڕێگای کوردستان و هاوڵاتی›ش ڕادیکالترە. ئەوەشم زۆر لە کن گرنگە لە میدیادا، هەڵەی چاپم لە نووسینەکانمدا بەر چاو نەکەوتووە، ئەمەش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باشووردا شتێکی دەگمەنە. بریا میدیا دەبووە هەفتەنامە.

* پرسیارەکان سەرنووسەری ‹میدیا› کردوونی. میدیا، ژمارە ١١٩ دوا لاپەرە ٢٠٠٢/٣/١٦ هەولێر